# Refugee agencies help and advice

Kurdish (Sorani) July 2007

# قه رزه کانی ئاوێته بوون

## ئایا له 2007/6/11 ه‌وه ‌مافی په نابه ری یان مۆڵه تی پاراستنی مرۆڤدۆستانه ت پێدراوه ؟

## ئه گه ر وابێت له وانه یه شیاوی وه‌رگرتنی قه رزی ئاوێته بوون بیت.

## قه رزی ئاوێته بوون چییه ؟

قه رزه‌کانی ئاوێنه بوون چه ند قه رزێکن سوودیان له سه ر وه‌رناگیرێت به مه به ستی یارمه تیدانی په نابه ران و ئه و که سانه ی که مۆڵه تی پاراستنی مرۆڤدۆستانه یان وه‌رگرتوه بۆ ئه وه‌ی ده‌ست به ژیانێکی نوێ له به ریتانیا بکه ن. تکایه ئاگادار به که ئه مه بڕه پاره‌یه‌که به قه رز پێت ده‌درێت و لێت چاوه‌ڕوان ده‌کرێت که له داهاتوودا بیده‌یته وه .

## ئه م قه رزانه ده‌کرێ بۆ چ مه به ستێك به کار بهێنرێن؟

چه ند نمونه یه ك له و شتانه ی وا له وانه یه بۆیان پێویستیت به م قه رزه بێت بریتین له : دانی پێشه کی کرێ خانوو، کڕینی که ل و په لی پێویستی ماڵ، بلێتی هاتوچۆ بۆ چوون بۆ شوێنی چاوپێکه وتن یان بۆ سه ر کار، کڕینی جل و به رگ یان که رسته ی کار، خه رجی خوێندن و وه‌رگرتنی بڕوانامه . ئه گه ر له ژێر راهێنان دایت یان ده‌خوێنیت ئه وا له وانه یه بتوانی به مه به ستی دابین کردنی خه رجه سه ره‌تاییه کانی ژیان داوای قه رزێك بکه یت.

## چ که سێك ده‌توانێ قه رزی ئاوێته بوون وه‌ربگرێت؟

بۆ ئه وه‌ی بتوانی داوای ئه م قه رزه بکه یت، پێویسته ته مه نت له 18 ساڵ زیاتر بێت و مافی په نابه ری یان مۆڵه تی پاراستنی مرۆڤدۆستانه ت وه‌رگرتبێت. ناتوانی له جارێك زیاتر داوای ئه م قه رزه بکه یت.
ئه گه ر خۆت و هاوڕێی ژیانت هه ر دوکتان داوای ئه م قه رزه بکه ن، ده‌توانن به دووقۆڵی داوای بکه ن. هه ر دووکتان به شێوه‌یه کی یه کسان به رپرس ده‌بن له دانه وه‌ی ئه و قه رزه‌ی به شێوه‌یه کی هاوبه ش وه‌ری ده‌گرن.

## ده‌توانی داوای چ بڕه قه رزێك بکه یت؟

بڕی قه رزه‌که به له به رچاو گرتنی پێداویستییه کان و باردۆخی ژیانت دیاری ده‌کرێت که له وانه یه شتێك له نێوانی £100 و £1000 دابێت. ئه مه هه م داواکارانی ته نیا و هه م داواکارانیی دووقۆڵی ده‌گرێته وه .

## قەرزەکە چۆن دەدرێت؟

بەشێوەیەکی ئاسایی بڕی قەرزەکە دەخرێتە سەر حیسابێکی بانکی. ئەگەر حیسابی بانکیت نەبێت و بڕی قەرزەکەشت لە £450 کەمتر بێت، دەتوانی قەرزەکەت بە چێك وەربگریت. بڕە پارەی ئەم چێکەی بۆت دەنێردرێت تەنیا دەتوانی لە پۆستەخانەیە وەربگریت کە لە فۆڕمی داواکارییەکە تێدا دەستنیشان کراوە.

## قەرزەکە بە چ شێوەیەك دەدرێتەوە؟

بەشێوەیەکی ئاسایی لە پاش شەش هەفتە دوای وەرگرتنی قەرزەکە پێویستە دەست بە دانەوەی بکەیت. ئەگەر کار دەکەیت، ئەوا بەڕێوەبەرایەتی کار و خانەنشینی (Department for Work and Pensions) بەمەبەستی باسکردن دەربارەی ئەم بابەتە پێوەندیت پێوە دەکات. ئەگەر پشتگیریی داهات (Income Support)، دەرماڵەی دامەزراو لەسەر داهاتی کارخوازان (Income-Based Jobseeker's Allowance) یان کرێدتی خانەنشینی (Pension Credit) وەردەگریت، ئەوا ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە لە بڕی قەرزەکەت بیدەیتەوە ڕاستەوخۆ لە دەرماڵەکەت هەڵدەگیرێت. هەموو جارێك بڕە پارەیەکی زۆر کەمت لێوەردەگیرێتەوە.

## ئایا هێشتا دەشێم پشتگیری دارایی تر وەربگرم؟

ئەگەر ئەم قەرزە بەمەبەستی یارمەتیدانت بۆ ڕاهێنانی زیاتر، خوێندن یان کار، هەروەها دابین کردنی خەرجی ژیان یان چاودێری کردن لە منداڵەکانت وەردەگریت، ئەوا پێویستە سەرەتا لەگەڵ نووسینگەی ئیش دۆزینەوەی پلاس (Jobcentre Plus) قسە بکەیت. لەوانەیە چەندین پشتگیری دارایی تر هەبن کە بە خۆڕایی لەبەردەستدابن.

## چۆن داوای قەرزێك دەکەیت؟

بەڕێوەبەرایەتی سنوور و کۆچبەری (Border and Immigration Agency) پێویستە لەگەڵ ئەو نامەیەدا کە پێت دەڵێت مافی پەنابەری یان مۆڵەتی پاراستنی مرۆڤدۆستانەت پێدراوە فۆڕمێکی داواکردنی قەرزی ئاوێتەبوونی بۆ ناردبیت. ئەگەر فۆڕمی ناوبراوت بەدەست نەگەیشتوە ئەوا دەتوانی تەلەفۆن بۆ تیمی قەرزی ئاوێتەبوون (Integration Loan Team) لە بەڕێوەبەرایەتی سنوورەکان و کۆچبەری بکەیت، لەسەر ژمارەی تەلەفۆنی: 020 8196 5440.

ڕێکخراوەکانی پەنابەران وەکو چالاکی پەنابەران (Refugee Action)، هێڵی یارمەتی بۆ کۆچبەران (Migrant Helpline)، ئەنجومەنی سکۆتلەندی پەنابەران (Scottish Refugee Council)، ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council) و ئەنجومەنی وێلشی پەنابەران (Welsh Refugee Council) لەوانەیە بتوانن یارمەتیت بدەن فۆڕمی داواکارییەکە پڕبکەیتەوە. ڕێکخراوەکانی تر، وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی پەنابەران یان خزمەتگوزاری ئامۆژگاری هاووڵاتیان (Citizen's Advice) یش لەوانەیە بتوانن یارمەتیت بدەن.

## ئامۆژگاری سەبارەت بە پارە

لەبیرت بێت کە پێویستە هەر قەرزێکی وەری دەگریت بیدەیتەوە کەواتە پێویستە تەنیا بڕ پارەیەك بە قەرز وەربگری کە بتوانی دواتر بیدەیتەوە. لەوانەیە بشێیت بڕە پارەیەك لە چەند سەرچاوەیەکی تر وەربگریت کە کە پێویست بە دانەوەی نەکات. تکایە لە مبارەیەوە لەگەڵ نزیکترین نووسینگەی کاروباری پەنابەران لە شوێنی ژیانت قسە بکە.